# چەند دێڕێك سەبارەت بە ئەگەری شەڕ

یاسین بانیخێلآنی

با لەوێوە باس نەکەین، سەدەیەکی پڕ لەشەڕو شۆڕو خوێن ڕشتنمان بەسەر برد. سەدەیەك هەر لە سەرەتایەوە نەزیفی بەربوو بوو، بۆیە بەردەوام و بەردەوام ئەو جۆگەلە خوێنەی لەبەری دەڕۆشت گۆمی خوێنیان دروست دەکرد، سەدەیەك لە منداڵانی موسۆلینیMussolin، هیتلەرHitler، فرانسیسکۆ(Francisco) ، چاوسیشکۆ (Ceausescu) ، ستالینStalin، میلۆسوڤیچ (Milosevic) و سەدام حوسەیندا فاشیەت، نازیەت، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و جینۆساید و بەعسی بەرەهەمهانی.

چ کارەساتێکە نەك ساڵ، بەڵکو سەدە بەڕێدەکەین و ئەوەی لەبەردەم هیواکانمان هەمیشە ئامادەیی خۆی هەیە شەڕە! لەوەش کارەساتر ئەوەیە ئێمە لەناو شەڕەکاندا بۆ خەونەکانمان دەگەڕێین، لەکاتێکدا شەڕ بناغەی خۆی لەسەر تێکدان و شێواندنی خەونەکان بنیات ناوە. ئێمە هیچ ماڵێکمان نییەو لەو خەونەداین شەڕ ماڵێکمان بۆ بنیات بنێت، بێ ئەوەی لەوە بەئاگابین شەڕ لەسەر تێکدان و وێرانکردنی هەموو ماڵەکان دەژی.

سەدەیەکمان تێپەڕاند بەو هیوایەی ئاسۆیەکی ڕوونتر لەسەدەی نوێدا بەدی بکەین، مەخابن سەدەی نوێ بە شەڕێکی نوێ پێشوازیمان لێدەکات، شەڕێك پاشماوەی ئەو عەقڵیەتەی کۆتایی سەدەی پێشووە، کە مرۆڤایەتی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد (بەرەی تیرۆریزم و دژ بە تیرۆریزم) . ئەم گوتارە دەرئەنجامی ئەو گوتارە کوشندەیە، کە نەك هەر ئێمە دەکاتە دوو بەرە لەبەرامبەر شەڕدا، بەڵکو ناچارمان دەکات لەسەر ئاستی چاکەو خراپەی شەڕ بێینە قسە!.

شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆرێك پەلەیانە زوو ببێت و ببڕێتەوە بە بێ ئەوەی خۆیان بۆ ئەو ڕووداوە تراژیدیانەی، کە ئەگەری دووەمی پاش شەڕە ئامادە کردبێت!. شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆرێك بەنزیکبوونەوەی دڵخۆشن، بێ ئەوەی پێمان بڵێن، ئەم شەڕە چی بۆ ئێمە ئەهێنێت؟ ئایا شەم شەڕە ڕووبەڕووی شەڕێکی ترسناکی ترمان ناکاتەوە، لەکاتێکدا تورکیا بێتە ناو کوردستانەوە؟ ئایا ئەم شەڕە کارەساتەکانی هەڵەبجەو کۆڕەوەکەی دوای ڕاپەڕینمان بۆ دووبارە ناکاتەوە؟.

شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆرێك لە ژێر ناوی ئاشتیخوازیدا دژی شەڕ دەوەستنەوە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی ئاسایش ناخەنە ڕوو، تا ڕێگا لەبەربەریەتی سەدام و ڕژێمەکەی بگرێت!. شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆرێك پێیان وایە ئەمەریکا ناتوانێت ئارامیی و ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە؟ شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆرێك پێیان وایە ئەمەریکا دەیەوێت بەکەڵەگایی عێراق کاول بکات، بەڵام هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان پێ نییە. شەڕ هێشتا ئەگەرێکەو زۆربەی چەپەکانی جیهان سەنگەری دژی شەڕو ئەمەریکایان هەڵبژاردووە، بە بێ ئەوەی پرۆژەیەکی نوێیان بۆ لەناو بردنی چەکەکانی عێراق و لەناوبردنی ڕژێمەکە پێشکەش کردبێت!.

دیارە پرسیارەکان زۆرن، لەدەرفەتێکی وادا ناتوانرێت وەڵامی هەموویان بدرێنەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگەو کاریگەری لەسەر ژیان و چارەنوسی ئێمە هەیە، ئەو پرسیارەیە، کە ئایا شەڕ چی بۆ ئێمە دەهێنێت و چارەنوسی ئێمە لە کوێدا دەستنیشان دەکات؟.

بەڕاستی کاتێك دێتە سەر شەڕ ئیتر هیچ مانایەك بۆ سیاسەت نامێنێتەوە، چونکە وەك بیریارو شاعیری ئەڵمانی ڤازلەر (M. Wasler) دەڵێ: (شەڕ هەمیشە بڕیارێکە سیاسەت ڕەتدەکاتەوە، ئیتر گرنگ نییە لە هەر شێوەیەکدا بێت) *1. بۆیە کاتێك قسە لەسەر شەڕ دەکرێت، دەبێت قسە لەسەر ئاکام و بەرهەمەکانی بکەین.

لەکاتێکی وەك ئێستادا ئەگەری شەڕ زیاترە لەوەی کێشەی عێراق بەشێوەیەکی ترو ئەلتەرناتیڤێکی تر چارەسەر بکرێت، ئەگەرچی لەهەموو شوێنێکی جیهانەوە دەنگی ناڕەزایی دژی شەڕ بەرز بۆتەوە، بەڵام کەسێك نییە پێمان بڵێت: ئایا ئەلتەرناتیڤ چییە؟.

ڕۆژی شەممە 8. 2. 2003ناڕەزایی و خۆ پیشاندانێکی گەورە لەشاری میونشن (München) ی ئەڵمانیا لەدژی شەڕ بەرامبەر کۆنفراسی ئاسایشی جیهانی بەپا کرا، یەکێك لەو کەسانەی لەناو خۆپیشاندنەکەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا گوتی: (من دەزانم شەڕ چییە، چونکە لەشەڕدا ژیاوم، بۆیە هەموو کاتێك دژی شەڕم) . ئەم مرۆڤە ماف خۆیەتی بەو شێوە لەشەڕ بنوارێت، بەڵام منیش ماف خۆمە بڵێم: (من سەدام حوسەین دەناسم، چونکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو فاشیەدا ژیاوم، بۆیە هەموو کاتێك دژی ئەوم) ئایا ئەمانە و ئەوانەی لەدژی شەڕن چی ئەلتەرناتیڤێکیان بۆ من هەیە، کە بتوانم لە هەڵنەگیرسانی شەڕ دژی سەدام حوسەین و حیزبەکەی بتوانم وەك مرۆڤ لەسەر خاك و نیشتیمانی خۆم بە شێوەیەکی ئازاد بژیم؟ ئایا ئەوانە ئاگایان لەو هەموو بەربەریەتەی حیزبی بەعسە، کە دەرهەق منی کورد کردوویەتی؟ ئایا ئاگایان لەو هەموو دەستدرێژی و دڕندەییە هەیە سەدام حوسەین بەرامبەر منی کورد کردویەتی\دەیکات؟ ئایا مانەوەی سەدام حوسەین پێش هەموو کەسێك مەترسی گەورە نییە بۆ سەر ژیانی منی کورد؟. بێگومان ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن دەشێت هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بکرێنەوە، کە دژی شەڕن.

شەڕ بۆ خۆی کارەساتە، بەڵام سەدام لە کارەسات کارەساتترە، بۆیە ناکرێت لە نێوان شەڕو سەدامدا من سەدام هەڵبژێرم، چونکە کاتێك دەڵێیت سەدام، واتە تۆ باسی شەڕ، دڕندەیی، بەربەریەت، فاشیەت و دیکتاتۆری دەکەیت، پێم سەیرنییە خەڵکی بێگانە لە دژی شەڕ خۆپیشاندان دەکەن، چونکە هیچ شتێك سەبارەت بە دڕندەیی سەدام و بەعس نازانن، بەڵام ئەوەی پێم سەیرە ئەو کوردانەن دەیانەوێت لەدژی شەڕ خۆ پیشاندان بکەن!.

ئەم ئاشتیخوازە کوردانە دەڵێن: (شەڕ وێرانکاری و برسێتی دەهێنێت) ئاخر لەوەتەی سەدام و بەعس لەسەر دەسەڵاتن ئێمە وێراندەکرێین و برسی دەکرێین و دەکوژرێین. سەیرە ئەم ئاشتیخوازانە دەڵێی قەت لەکوردستان و عێراق نەژیاون و لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون، وا بێئاگان لەو هەموو شارو گوندەی سەدام وێرانی کرد سەرەڕای بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ، ئەوان پێیان وایە ئەم شەڕە عێراق وێراندەکات، بێ ئەوەی لەوە بێئاگابن، کە سەدام عێراقی کردۆتە کەلاوە، ڕۆژانەو بەردەوام خەڵکی ناو شارو شارۆچکەو گوندەکانی کەرکوك دەردەکرێن و ڕژێمی بەعس بەردەوام خەریکی وێرانکردنە، بۆیە دەشێت ئەم شەڕە چاوەڕوانکراوە سنورێك بۆ بەربەرییەتییەکانی سەدام و ڕژێمەکەی دابنێت و کۆتایی بەو دەسەڵاتە ڕەشە بهێنێت نەك بە پێچەوانەوە.

لەڕوویەکی ترەوە ئەو هەقیقەتەش هەیە، کە دەڵێت: ئەمەریکا نە دۆستی کوردەو نە لەبەرژەوەندی گەلی عێراق ئەو کارە دەکات و تەنها لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بۆ دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی عێراق و کۆلۆنیالکردنی، بەڵام هەقیقەتێکی تریش هەیە، کە ئێمە لە سایەی سەدام و ڕژێمەکەیدا نەك خاوەنی هیچ نەبووین لەو سەروەت و سامانە، بەڵکو سەروەت و سامانی عێراقی دەگۆڕیەوە بەچەك و ئێمەی پێ لەناو دەبرد. بۆیە کاتێك

ئێمه بمانەوێت هەڵوێست لەبەرامبەر شەڕ لە دژی عێراق وەربگرین دەبێت لە پێشدا ڕژێمی بەعس بخوێنینەوەو بگەڕێینەوە بۆ ئەو کارەساتانەی بەعس بەسەر ئێمەیدا هێناوە، نەك کوێرانە لە دژی شەڕ هەڵوێست وەربگرین.

گومان لەوەدا نییە، کە نەخشەی شەڕی ئەمەریکا زۆر لەوە دوورترە ئێمە بەتەنها لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینین، شەڕی عێراق یەکەمین دەروازەیە بۆ ئەو نەخشە فراوانەی ئەمەریکا کێشاویەتی، ئەوەش دوورو نزیك لەپاش شەڕی عێراقەوە بە دیار دەکەوێت، کە ئەمەریکا کورد گوتەنی: (شینی کوێ دەکات) ، بۆیە ناشێت ئێمە چاوەڕوانی کوشتارگەلێکی گەورە بکەین، لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی نەخشەکەی ئەمەریکا خۆی ناکەوێتەوەو ئەمەریکاش هەوڵی ئەوە دەدات کەمترین قوربانی لەم شەڕەدا هەبێت تا بتوانێت بەردەوامی بە نەخشەو سەفەری شەڕەکانی تری بدات. ئەمەش مانای پاکانەکردن بۆ شەڕ نییە، بەتایبەتی لەکاتێکدا سەدام و ڕژێمەکەی بەرگری لەمانەوەی خۆیان بکەن و قینی ڕەشی خۆیان بەسەر کوردو دەورو بەردا بڕژێنن.

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی شەڕ هەمیشە کاولکاری و کوشتارگەلی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، هەر بۆیە لەم ئەزموونەوە مرۆڤ بە شێوەیەکی لۆژیکی یا غەریزی دژی شەڕ بووە، بەڵام سەیر لەوەدایە بە درێژایی مێژوو نمونەی شەڕێکی وەك ئەم شەڕە بەدی ناکەین، کاتێك دەبینین زۆرێك لەگەڵ شەڕدان بەتایبەتیش گەلی کورد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەیبووە، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژووی بەعس، کورد نەك هەر هەڕەشە لەبوونی کراوە، بەڵکو بە دڕندەترین شێوە لەناو براوە، ئەم هۆکارەیە وا لەکورد دەکات ئەم شەڕە چاوەڕوانکراوەی دژی عێراق بە کۆتایی ئەو شەڕانە بزانێت، کە بەردەوام لە دژی کراوە\دەکرێت، بۆیە مانەوەی ڕژێمی بەعس و سەدام لەسەر دەسەڵاتداریێتی هەمیشەو بەردەوام گەلی کورد لەبەرامبەر دڕندەیی سەدام و ڕژێمەکەیدا دەبینێتەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە گەلی کورد لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکایەو ئەمەریکا بە ڕزگارکەری خۆی دەزانێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە باش لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا تێدەگات و دەزانێت هیچ مۆراڵێك لە سیاسەتی ئەمەریکادا نییەو ئەمەریکا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لەسەرووی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانەوە دەبینێت، بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی هاوکێشەیەکی جاڵجاڵۆکەیی سیاسی وەك ئەم هاوکێشەیەی ئەمڕۆ دەبێتەوە، بێگومان لە نێوان سەدام و ئەمەریکادا، ئەمەریکا هەڵدەبژێرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە شەڕخوازە یا لەگەڵ شەڕدایە، بەڵکو ئەو شەڕێك هەڵدەبژێرێت بۆ کۆتاییهێنان بەهەموو ئەو شەڕو بەربەریەت و جینۆسایدەی لەبەرامبەریدا کراوە.

لێرەدا ناچمەوە سەر ئەو دروشمەی ئەمڕۆ کۆمونیستەکان بەرزی دەکەنەوە (نا بۆ شەڕ، نا بۆ سەدام) ، بە بێ ئەوەی لە نێوان شەڕو سەدامدا پرۆژەیەکمان بدەنێ، کە بتوانرێت سەدام و شەڕمان بۆ ڕازی بکات یاله باشترین حاڵەتدا ئەلتەرناتیڤی شەڕو سەدام بێت، ئەمانە تەنها کۆمەڵە دروشمێکی سادەو ساکارن لەناو جەنجاڵی و ئاڵۆزی سیاسەتی ئەمڕۆدا. ئەوەی لێرەدا جێگەی قسەکردنە ئەو هەڵوێستەی کۆمونیستەکانە، کە بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن یا نا لەگەڵ ئیسلامییەکاندا کەوتوونەتە یەك سەنگەرەوە. ئیسلامییەکان لەبەرئەوەی دژی ئەمەریکان، چونکە ئەمەریکا سەرچاوەی کوفرو ئیلحادەو کۆمونیستەکانیش وەك ئیمپریالیزم لە ئەمەریکا دەڕوانن، ئەم دوو تێڕوانینەش وا دەکات لایەنی تر نەبینن، چونکە لای ئیسلامییەکان دوژمنی گەورەی ئایین ئەمەریکایەو لای کۆمونیستەکانیش دوژمنی مرۆڤایەتی ئیمپریالیزمە، بۆیە هەمیشە دژایەتی ئەمەریکا دەبێتە دروشمی سەرەکییان، ئیتر ئەو لایەنەی ئەمەریکا لەگەڵیدا دەکەوێتە شەڕەوە گرنگی و بەهای نامێنێت!. بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت دروشمی سەرەکی ئێمە

لابردنی ڕژێمی بەعس بێت بە هەر شێوەو نرخێك بێت، چونکە هەر ڕژێمی بەعس و دڕندەیی ئەو وای لە ئافراندنی ئەو کەشە کردۆتەوە، کە شەڕێکی چاوەڕوانکراو ڕووبەڕووی عێراق بێتەوە، بۆیە هەتا بەعس لەسەر ئەو عەقڵ و سیاسەتەی خۆی بێت، ئەگەری شەڕ زۆرترە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەمەریکاو بەریتانیا هەوڵی بە خوازیار دەستکێشانەوەی سەدامن لە دەسەڵات، جگە لە چەندین هەوڵی دبلۆماسی وولاتانی جیهان بۆ ئەوەی سەدام عێراق بە جێبهێڵێت و ئەو ئەگەری شەڕە پوچەڵ بکرێتەوە، بەڵام سەدام خۆی لە دوا خیتابیدا بڕیاری شەڕی دەمانچەی کۆڵان بە کۆڵانی دا، جگە لەوەی وەك هەر نەریتێکی سەرسەریانەو شەقاوەیی خۆی هەڕەشەی بۆ سەر چەندین ناوچەو وولات دووبارە کردەوە. بۆیە لە باشترین حاڵەتدا وەك ئەوەی ئێمە بەعس باش دەناسین، باشترە پاڵپشتی ئەو هێزە بکەین هەڕەشە لەو ڕژێمە خوێنڕێژە دەکات تا هەرچۆنێك هەبێت بەشەڕ یا خۆشی عێراق بە جێ بهێڵێت و واز لە دەسەڵات بهێنێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئەو لەسەر دەسەڵات بێت مەسەلەی ئاسایش تەنها خەونێکەو بەس.

10. 2. 2003 Heidelberg

پەراوێزەکان

*1- مارتین ڤازلەر، لە سیمینارێکدا لەسەر دوا پرۆژەی (مردنی ڕەخنەگرێك) سەبارەت بە کێشەی عێراق لە زانکۆی هایدلبێرگ پێش کەشی کرد.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003